# گۆرانی کۆنی کوردی

ئەنەسی حامدی
کۆلیژی ئەندازیاری ـ بەشی شارستانیەت

(مەحتێ یارێ) [1]
خزمینە گێو لە من بی
هێبراینە گێو لە من بی
لۆو دەکەم مەحتێ یارێ
ئەوڕۆکەش تەواو نابێ
سبەی هەتا ئێوارێ
* * *
کەیفێ گۆتنیم هەرستا
لەگەر ناسکو نازدارێ
دەستم کرد بە ئاوازان
هەر وەك کەوێ بوارێ
لە پێش یارێ ڕاوەستام
بەندانی لۆ دەخینم
بەژن و بارای ببینم
چی دیکەم لە دەست نایێ
ئاخانی لۆ هەردینم
* * *
خزمینە گێو لە من بی
هێبراینە گێو لە من بی
لۆو دەکەم مەحتێ یارێ
ئەوڕۆکەش تەواو نابێ
سبەش هەتا ئێوارێ
* * *
خزمینە گێو لە من بی
هێبراینە گێو لە من بی
لە بۆو دەرێم گۆتنێ
گەردەنێ یارێم زەردە
وەك هەرارەو سوسنێ
وانانێم مەیلێ یارێ
هەتا ڕۆژی مردنێ
* * *
دانانێم مەیلی چاوی
بەژنی ڕەشە ڕەیحانە
شین دەبی لە دەراوی
تەلەبی لە خوای دەکەم
ئینشاڵلا لۆ منی داوی
ئینشاڵلا لۆ منی داوە
بۆنت بۆنی بخورێ
وەك گیای بەندو خاوە
چاو کارمامزی لە بەرێێ
ڕاوکەران لەدوو ڕاوە
باری پێنج سەد حوشتری
لەیارێ بێسڵاوە
ئەگەر نەبێ بە یارم
بێشکە کارم کراوە
* * *
یارنەمامو یارنەمام
یارنەمامێ بەهەشتێ
نەخۆشەکی گرانم
کەتم لەسەر تەنیشتێ
خزمینە مەمکەن لۆمە
دەردێ یارێم گەیشتێ
دەردێ یارێم گەییە سەر
لەبەر تیری چاو سەقەر
تیرەکی لەڕاستەمدا
لە لای چەپەم دەرچووە دەر
هەرچی ئەمنی خۆش دەوێ
بەتالوکەم دێتە سەر
* * *
خزمینە وەز ناژیمە
هێبراینە وەز ناژیمە
خاریێ لە ڕووی بوونە ڕیز
بسکی بەردا پەرژینە
سینگی بەفری کوێستانێ
مەمکی شانەی هەنگوینە
لە سێبەری ڕونیشتم
لام وابێ شانەشینە
من نووستم لە سێبەرێ
قۆدیلەك لە گەردەنێ
تێیدا ئاوی کەوسەرێ
چەند حاجیێی لە حەجێ
بە جەمبور دێنە سەرێ
تێیدا ئاوی حەیاتێ
ئینشاڵلا ئەوم داتێ
* * *
تەلەبی دەکەم بەدر
چیوهام نەدیت خونچەگور
ئارقەی گەردەنێ یارێم
دێنە خوار زەنگور زەنگور
لەگەر ڕۆژێ بەردەق بوون
هەردووك دەبوون موقابیل
وەك یار لە حزووربی
بۆنێ نادا قەنەفر
* * *
لەبەر سامو هەیبەتی
سینگی وەکی قاقەزی
مەمکی وەکی گومبەتی
خەزنەی شای لۆ دەشکێنم
تەواو نابێ قیمەتی
بینن خەزنەی خوندکاری
لێوو زار کەللەی شەکر
لەبنی دایە مرواری
چاو ئەستێرەی بەکلك
هەرات لە لای حەفت شاری
شەوقی وەك شەوچراغی
کەتیە لەدەو ڕووباری
هەندی مانگێ لە چاردێ
هەردێ بەشەوی تاری
مەمکی نارنج و لیمۆ
لەبەر دوکانێ شاری
بەمەحتێ یارێدا چووم
هەروەکی خیندەواری
* * *

مەحت و سەنای وەدەکەم
یەك لە پاشی پترن
جۆت شەمامەی سەر سینگی
هەروەك کەڵڵەی شەکرن
چەند جاعێری لە دێ دا
بە عەزرەتن بی گرن
یەکیان دەستیان ناگاتێ
ئەوا لە سوان دەمرن
دەمرن بەبێ برینی
چەند شایەری وەکی مە
هەموو جەرگی دەپسینی

* * *

کە یار دەچووە دیلانێ
چاو کارمامزی لە بەڕێ
ورشەی کەتتە گەرمیانێ
هیزار لەسەر کەسەر کەمبەرێ
دوگمە دێنە هەژانێ
چەند پوولەکەی لەتاسێ

دەستیان کرد بەلێکدانێ
سنجاق و گوارەی ئاڵتون
ئەوان خۆدان لەشانی
یار لەبورجان بە سەرکەت
عالەم دێنە سەیرانێ
چەند جاعێر بێ هۆش کەتن
کەتینە لە مەیدانێ
لۆم گاس کەنە مەلایان
دەست بکەن بە یاسینێ
ختم بکەن قورئانێ
نازین هەتا ئێوارێ
یەك ناگەنە سبیانێ

* * *

لەبەر چەلەنگێ نادر
شەوقی وەك شەوچراغی
داگیرسێ وەکی ئاگر
لەسەر ڕووی وێ دنیایێ
نەمدی لەوی لایەقتر

لەسەر ڕووی دێ دنیایێ
چەند کەسی وەهای کوشتن
چەند وەزیری بەغدایێ
هەمووی لە وەزیر کەتن

* * *

بەژنت دار تیرکەوانە
چاوت مێوژی ڕەش میری
دەبێ عیلاجێ بکەی
لە بۆمنێ فەقیری
کاکە دەردم گرانە
ئەمنیش هەروەك مەجرومی
بوومە شێت و دێوانە
مەجروم لەگەل لەیلایێ
دەچنە سەر دارێ تەیران
دەچنە دەر لەدنیایێ
لۆت دەکەم مەحتێ یارێ
ئەورۆکەش تەواو نابی
سبەش هەتا ئێوارێ

١ـ ئەم تێکستە حاج لەتیف مەحمود بۆی گوتم ، کە خەڵکی گوندی نۆغەرانی ناوچەی شەمامکە و ئێستا لە هەولێر دادەنیشێ وتەمەنی حەفتاو پێنج ساڵە .

هەر ئەویش گوتی :

ئەو گۆرانیە پارچەیەکە لە گۆرانیەکانی (حەمەدمین خەزنەیی) کە خەڵکی گوندی خەزنە بوو شایەرێکی بلیمەت بوو . ئەم جۆرە گۆرانیانەی لە شاییدا دەگوت

**فەرهەنگۆك : ـ**

**هەرارەو سوسن = دو جۆرە گوڵن .**
**دەراو : دەم ئاو جاج دەم ئاوی ڕووبارێ یـان جۆگـەو کانیاوەکان بێ .**
**لەبەڕێ = لە دەشتێ ـ لە چۆلێ .**
**بەتالوکە = بەخێرایی .**
**شانەشین = شوێنی خۆش و فێنك**
**وەزنازیمە = ئەمن نازیم .**
**بەجەمبور = بەکۆمەڵ .**
**زەنگور زەنگور = زەنگۆڵ، زەنگوڵ ـ تنوك ، تنوك .**
**بەردەق بوون = ڕوو بەڕوو بوون ، بەیەك کەوتن .**
**حزووربی = ئامادەبی ، لەوێ بی .**
**خوندکار = دەم ڕاستی شا .**
**بورجان = مەبەستی گردو تەپۆڵکەیە**
**جاعێر = گەنج . لاو**
**گاس کەن = بانگ کەن**
**لەسوان = لە داخان**
**یاسینی = ئایەتێکی قورئانی پیرۆزە کـە لەسەرەمـەرگی مردوان دەخوێندرێ**
**چەلەنگ = جوان و ڕێك و پێك .**
**لایەقتر = شیاوتر ، هاوتاتر .**
**عیلاج = چارە**
**مەجروم = مجنون**
**شەوچراغ = لە زەمانی کوندا « فەڕەنگەکان » لە تاریکی شـەودا دوورەگیان دادەنـا وەکو چـراشەوقی دەداوە . ئینجا بەو دوورەیان دەگوت شەوچراغ . (هەر مام حاجی باسی ئەوشەوچراغەی ئاوابۆکردم .)**